هاوڵاتی

# پارە ونبووەکە... زیاد دەکات

## تائێستا پێنج ملیارو سەدو هەشتا ملیۆن دۆلاری داهاتی نەوت دیارنییە

دڵشاد ئەنوەر

تادێت بڕی پارە ونبووەکەی داهاتی نەوتی هەرێم زیاددەکاتو نزیکەی 200 ملیۆن دۆلاری تر دەچێتە پاڵ ئەو پێنج ملیار دۆلارەی، حکومەتی هەرێم لەکۆمپانیا بیانییەکانی نەوتی وەرگرتووە، ئەندامانی لیژنەی سامانە سروشتییەکانیش، جەخت لەدیارنەمانی دەکاتەوە.

هاوکات لەگەڵ زیادبوونی ئەو بڕە پارەیەی داهاتی نەوت کە دیارنییە، ئاودیوکردنی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان بەتانکەرو لەرێگەی سنورەکانەوە بۆ ئێران بەردەوامە.

### 180 ملیۆن دۆلاری تر دیارنییە

جگە لەو پێنج ملیار دۆلارەی داهاتی نەوت کەئەندامانی لیژنەی سامانە سروشتییەکان، جەخت لە دیارنەمانی دەکەنەوە، بڕی نزیکەی سەدو هەشتا ملیۆن دۆلاری تری پارەی داهاتی نەوت، دیار نییە کە حکومەتی هەرێم لەکۆمپانیا نەوتییەکان وەریگرتووە.

پێنج ملیار دۆلارەکە پارەی وەرگیراوی دوای گرێدانی گرێبەستە نەوتییەکان بوو، بەلاّم ئەو سەدوهەشتا ملیۆن دۆلارەی تر، پارەی وەرگیراوی کاتی ئیمزاکردنی گرێدانی گرێبەستە نەوتییەکانە، کە حکومەت لەکۆمپانیا بیانییەکانی وەرگرتووە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەحکومەت، ئەوەی خستەڕوو، کە لەکاتی گرێدانی گرێبەستی نەوتیدا لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان، حکومەتی هەرێم بەدووجار پارە لەکۆمپانیاکان وەردەگرێت.

ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە هاوڵاتی راگەیاند »جاری یەکەم لەکاتی ئیمزاکردنی گرێدانی گرێبەستە نەوتییەکاندا پارەکە وەردەگیرێت، بەلاّم جاری دووەم دوای گرێدانی گرێبەستەکە، پارە لەکۆمپانیا نەوتییەکان وەردەگیرێت«.

لەمبارەیەوە، عەبدوڵلا مەلا نوری ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان، لەلێدوانێکدا بۆ هاوڵاتی وتی»ئەو سەدو هەشتا ملیۆن دۆلارەی تر کە دیار نییە، پارەی وەرگیراوی کاتی ئیمزاکردنی گرێدانی گرێبەستە نەوتییەکانە«.

ئەو پەرلەمانتارە، ئاشکرای دەکات، کە حکومەتی هەرێم سیو هەشت گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیاکاندا کردووە، بۆ هەر گرێبەستێکیش، سێ تا پێنج ملیۆن دۆلاری وەرگرتووەو کۆی پارە وەرگیراوەکە دەکاتە نزیکەی سەدوهەشتا ملیۆن دۆلار.

وتیشی »ئەم بڕەش وەکو ئەوانی تر لە بوجەدا نەهاتووە«.

### ئاودیوکردنی نەوتو نرخەکەی

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست هاوڵاتی کەوتووە، رۆژی 25/2، واتە ئەو رۆژەی وەزیری سامانە سروشتییەکان لەدانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستاندا ئامادەبوو، 376 تانکەر نەوت تەنیا لەکێڵگە نەوتییەکانی شێواشۆك دەرکراوەو بەرەو ئێران براوە.

ژمارەی تانکەرەکانو ناوی سیانی شۆفێرەکانیان دەست هاولاّتی کەوتووە، کە تانکەرەکان ژمارەی هەولێر، دهۆك، سلێمانی، بەغداو نەینەوایان تێدایەو تانکەرەکانیش سەر بەکۆمپانیایەکن، کە ناوەکەی لای هاوڵاتی پارێزراوە.

هەر بەپێی ئەو زانیارییانە، هەمان رۆژ ژمارەیەك تانکەر لەو 376 تانکەرە نەوتە، پێش ئەوەی بەرەو ئێران برۆن رۆیشتوونەتە پالاّوگە نەوتییەکانی نزیك شاری سلێمانی، بەمەبەستی کولاّندنی نەوتە بارکراوەکە.

لەمبارەیەوە، عەبدوڵلا مەلا نوری ئەندامی لیژنەی سامانە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان، وتی »بەشێك لەو نەوتەی لەکێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانەوە دەبرێتو ئاودیوی ئێران دەکرێت، نەوتی رەش نییە، بەڵکو نەوتی خاوە«.

ئەو ئەندامەی فراکسیۆنی گۆڕان، ئاماژە بەوەدەدات، کە ئەو نەوتە خاوە دەبرێتە پالاّوگە بێ مۆڵەتەکانو دەکوڵێنرێتو رەش دەکرێتەوە »بۆ ئەوەی خەڵكو لایەنەکانی پێ چەواشەبکرێتو وابگەیەنرێت، گوایە نەوتە ئاودیوکراوەکە نەوتی رەشە«.

عەبدوڵلا مەلا نوری، وتیشی »ئەو نەوتە بەهەرزانیش دەفرۆشرێت«.

بەپێی زانیارییە دەستکەوتووەکانی هاوڵاتی، لەماوەی هەفتەیەکدا نزیکەی حەوت سەد تانکەر نەوت لەیەکێك لەمەرزە سنورییەکانەوە ئاودیوی ئێران کراوە، جگە لەوەی پێش جەژنی قوربانی رابردووش، رۆژ هەبووە دووسەدو پەنجا تانکەر نەوت براوەتە ئێران.

سەرچاوەیەکی ئاگادار کە نەیویست ناوی بلاّوبکرێتەوە، بە هاوڵاتی راگەیاند»ئەو تانکەرە نەوتانەی دەبرێت، تەنیا بەسێ سەدو پەنجا تا سێ سەدو هەشتا دۆلار دەفرۆشرێت، هەر تانکەرێکیش بیستو نۆ تەن نەوت دەگرێت«.

### وەزیری سامانە سروشتییەکان بێ ئاگایە«»

لەکاتێکدا ئەو نەوتەی رۆژانە لەرێگەی مەرزەکانەوە ئاودیوی ئێران دەکرێت، زانیارییەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە نەوتی هەرێمی کوردستانەو پێشبردنی بەرەو ئێران، لەپالاّوگە بێ مۆڵەتەکان دەکوڵێنرێت، بەلاّم وەزیری سامانە سروشتییەکان، پێیوایە نەوتی ناوچەکانی ترەو لەخاکی هەرێمەوە دەبرێت.

لەدانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستاندا کە لە 15/2 ئەنجامدرا، ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم، وتی »ئەو نەوتەی دەبرێتە ئێران، نەوتی هەرێم نییە، بەڵکو نەوتی شوێنەکانی ترەو لەخاکی هەرێمەوە دەبرێت«.

لەمبارەیەوە، عەبدوڵلا مەلانوری ئەندامی لیژنەی سامانە سروشتییەکانی پەرلەمان، وتی»جەنابی وەزیر لەلایەك دەڵێت ئەو نەوتەی دەبرێتە

ئێران لەجێگەکانی ترەوە دەهێنرێتو لەلایەکی تریشەوە ددان بەوەدا دەنێت، ئەو پالأوگانە بێ مۆڵەتن کە ئەو نەوتەی لێ دەپاڵێورێت».
هەروەها وتیشی »لەهەموو دونیادا نەبووە، حوکمەت لەگەڵ دەزگای ناشەرعیدا مامەڵە بکات، وەك ئەوەی نەوتی خاو دەدات بەو پاڵاوگە نەوتیيانە کە مۆڵەتی کارکردنیان پێنەداراوە».
بەپرواى ئەندامەکەی لیژنەی سامانە سروشتییەکانی پەرلەمان، قسەکانی وەزیر ئەو گومانەیان لا دروست دەکات، کە حکومەت پلانێکی ستراتیژی رونی نییە لەبواری نەوتدا.
عەبدوڵلاَ مەلا نوری، پێیوایە کاتێك وەزیر ئەو قسانە دەکات، پێویستە ئاگاداری لیتر بەلیتری نەوت بێت، بەڵام »خێرە تانکەرە نەوت بەسەر جادەکانی کوردستاندا تەراتێن دەکات، جەنابی وەزیریش خۆی بەبەرپرسیار نازانێت لەئاست بردنی ئەو نەوتە».

## داهاتی نەوتو دوو قسەی پێچەوانە

لەدانیشتنی بەرواری 25/2ی پەرلەمانی کوردستان، کە ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانو بایز تاڵەبانی وەزیری دارایی ئامادەی بوون، بەهۆی پێچەوانەبوونی قسەی ئەو دوو وەزیرە لەسەر ناردنو نەناردنی پارەی داهاتی نەوت بۆ خەزێنەی حکومەت، جۆرێك لەشڵەژان لەناو پەرلەماندا دروستبووە.
لەدانیشتنەکەدا ئاشتی هەورامی وتوویەتی، داهاتی نەوتی هەرێم خراوەتە سەر حیسابی حکومەت، بەلاَم وەزیری دارایی بەرپەرچی قسەکەی ئاشتی هەورامی داوەتەوەو رەتیکردووەتەوەو بێئاگایی خۆی لەوبارەیەوە راگەیاندووە.
نکۆڵیکردنی وەزیری دارایی لەناردنی پارەی داهاتی نەوت بۆ حکومەت، لەکاتێکدایە کە پێشتریش وەزیری سامانە سروشتییەکان، لەوەلاَمی پرسیارێکی ئەندامێکی لیژنەی سامانە سروشتییەکاندا، رایگەیاندووە کە داهاتی نەوت خراوەتە سەر خەزێنەی حکومەت.
لای خۆیەوە، عەبدوڵلا مەلانوری ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، جەخت لەوەدەکاتەوە، کە هیچ پارەیەکی داهاتی نەوت نەخراوەتە سەر بودجەی هەرێمو بۆ ئەو مەبەستەش بەدواداچوونی تەواویان کردووە.

ئەو پەرلەمانتارە، دەپرسی لەوەی »چۆن دەکرێت دوو وەزیری پەیوەندیداری یەك حکومەت، ئاگایان لەداهاتی نەوت نەبێت، کە سامانێکی گرنگی ولأتەو لەو نێوەندەشدا، پارەیەکی زەبەلاح دیار نەبێت؟».

Wednesday, March 03, 2010

Print page